# سەردانی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە نۆروێژ لە ڕێکخراوی لاوانی حیزبی شوێعی کوردستان - عێراق

لە سەر بانگهێشتی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی شوێعی کوردستان _عێراق لقی نۆروێژ لە ڕێکەوتی 10 ی 12 ی 2006 ی زایینی وەفدێکی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لەم وڵاتە سەردانی ئە و بەڕێزانەیان کرد. بۆ ئەو کۆبوونەوە یە هەمو ڕێکخراوی لاوانی کوردی دانیشتوی ئەو وڵاتە بانگهێشت کرابون، ئەهەم ڕێکخراوانە بشداری ئە و کۆبوونەوەیان کرد.

ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردیستان –ئێران کۆمیتەی نۆروێژ

لاوان و گەنجانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان _ عێراق کۆمیتەی نۆروێژ

لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی نۆروێژ

لاوانی سەر بە خۆی کوردستان

لاوانی کوردی ڕۆژ ئاوا - سوریە کۆمیتەی نۆروێژ

ئە م وە فدانە لە لایەن وەفدی خانە وخوێەوە زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا، پاش بە خێرهاتن لە لایەن بەڕێز هونەر، هەندێك ئالۆگۆڕی بیروراو هەوڵەکانی هەر لایەنێك لە پێناو ئەرکەکانیاندا سەبارەت بە گەنجان لە لایەن بەشداربوانەوە پێشکەش کرا.

پاشان کۆبوونەوە بڕیاریدا کە بۆدرووست کردنی ڕێکخراوێکی گەورەی لاوانی چوار پارچەی کوردستان بە مەبەستی لێك نزیك بوونەوەی لاوانی کورد هەنگاوی جدی هەڵ بگیردرێت.

بە دوای قسەو باسەکانی بەڕێز هونەر بەر پرسی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی شوێعی، هاوڕی سونیا حوسەینی بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە نۆروێژ قسەو باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر هەوڵەکانی ڕێکخراوی خۆیان لەم پێوەندیەدا لە گەڵ حیزبە کوردیەکانو حیزبە نۆروێژیەکان وهەروەها لەسەر مەسایلی پێوەندیدار بەکارو باری لاوانە وەپێشکەش بە بەشداربوان کرد. لە درێژەدا ئاماژە بەوە کرا کە لاوازییەك لە کاری لاواندا هەست پێدەکرێت وئە ولاوازییە مەترسی گەورە دەخاتە سەرژیانی لاوانی کورد لە نۆروێژ، بۆ نەهێشتنی ئەو لاوزییە پێویستە بۆ درووست کردنی ڕێکخراوێکی گەورەی کوردی تایبەت بە لاوان هەنگاوی شێلگیرانە هەڵ بگیردرێت.

ئەو ڕێکخراوەیە کەقسەی لە سەر کرا بڕیارە لە سەر ئەو چەند خاڵەی خوارەوە درووست بێت و کار بکات:

1 . هاوکاری و بە شداری لاوانی کورد

2 . ناساندنی کێشەکانی لاوانی کورد و هەنگاو هەڵ گرتن بۆ چارەسەر کردنیان

3 . درووستکردنی هاودەنگی لە نێو لاوانی کورد بۆ بەرەو پێش چونی کارەکانیان و کۆمەك بە بزووتنەوەی کوردی

4 . کۆمیتەی لاوانی هەرحیزب و ڕێکخراوێکی کوردی دەتوانێت بەشداری لە پێك هێنانی ئە و ڕێکخراوەیەدابکا

5 . بەشداری لاوان وپێك هێنانی سمینارگەلی جۆراو جۆر بۆ بردنە سەری ئاستی زانیاری لاوان.

کۆبوونەوەکە کە کاتژمێر 2 ی پاش نیوەڕۆ بەکاتی ئۆسلۆ دەستی پێ کردبو لە نێوان کەشو هەوایەکی دۆستانەدا پاش 2 کاتژمێر کۆتایی بە کاری خۆی هێناو میوانان لەلایەن خانەخوێ ئەو کۆبونەوەیە بەرێزەوە بەڕی کران.

لە لایەن ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە نۆروێژ ئەم هاوڕیانە بە شداری ئەو کۆبوونەوەیەبوون

1 . سونیا حوسەینی بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە

2 . بەختیار بلوری بەرپرسی بەشی هونەری ڕێکخراوی لاوان

3 . موزەفەر مورەوەتی ئەندامی ڕێکخراوی لاوان

4 . شاهین یوونسی ئەندامی ڕێکخراوی لاوان

5 . شیلا حوسەینی ئەندامی ڕێکخراوی لاوان

**کۆمیتەی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە- نۆروێژ**


2006 12 10


2006 12 10


2006 12 10